کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 4-12-2007 21:24

**با ئاگامان لەمێژوو بێت ... بێستون هەورامی**

دیارە بەپێی دەرکەوتە مێژووییەکان لەسەدەکانی پێش زانیینا دەوڵەتی (ماد) ی کوردی بەهۆی پیلانی گێڕی دوژمنانی کوردو و دوبەرەکی ناوخۆییەوە ڕوخێنراوەو نەتەوەی کوردیش تاهەنوکە لەخەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی خۆیدایە لەپێناو گێڕاندنەوەی ئەو قەوارە سیاسیە لەدەست چووەی بەردەوامی هەیە و (گبری) ش سەبارەت بەمێژوو دەڵێ " مێژوو هونەرێکە لە ڕووداوەکانی زەمانە دەکۆڵێتەوە " ئەمڕۆش بەهۆی بەردەوامی لەخەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی چەند ساڵەمان نیمچە قەوارەیەکی سیاسیمان لەپاش ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991ەوە لەباشووری کوردستاندا پێکەوە ناوە بەجۆرێك بووەتە جێگای چاوتێبڕینی وڵاتانی بەرکەوتەی نەتەوەی کوردو و ناوچەکە، بەڵام ئەوەی کە لەماوەی 16 ساڵ خۆبەڕێوەبردندا بۆ مێژوو بە شەرمەزاری بۆمان تۆمار کرا بێگومان شەڕی پارتە سیاسیەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات کوردستان وەك " شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی 1992 و شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی 1993 و شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لەساڵی 1994 بۆ 1998 و وەلەو ناو ناوەی شەڕی پارتی و یەکێتیدا کوشتن و ڕادەستکردنی پێشمەرگە و ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامییەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەکەوت و هەر لەو ماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی جارێکی دیکە شەڕی نێوان پارتی و پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکردەوەو هەر بەهەمان شێوەش شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکردەوە و پیلانگێڕی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرانبەر ئەنسار ئیسلام و لەنێوانی ئەم هەموو ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازیانەی کوردستانیش دا گۆڕینی ناوی منداڵانی کورد بۆ ناوی عەرەبی لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیەوە لەژێر پەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەردەوامی هەبوو " و لەبەرانبەر ئەم هەموو شەرمەزاریەی بەزۆر و کەمەوە کردتان و لەگەڵ ئەوەشدا باستان لە ئاشتی پێکەوە ژیان و فرە حزبی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکرد... !! بۆیە لێرەدا لێتان دەپرسین ئەم ئامازگەلەمان بەخەبات لەپێناو ئازادی نەتەوەیەکدا لەمێژوودا بۆتان تۆمار دەکری.. ؟ یان بەدابڕانێك لەخەباتی نەتەوەیی و سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی، بۆیە ئەمڕۆ لە هەمووکاتێك زوتر و زیاتر پێویستمان بەسەرکردەیەکی وەك " نێلسۆن ماندێلا و ئۆلف پاڵمە "یە خەبات لەپێناو ئازادی گەلێك و هێنانەکایەی دیموکراتی و جێبەجێکردنی پراسیپەکانی بکات، بەڵام لێرەدا دەڵێین بە هەرحاڵ... هەموو ئەم ئامارە گەلانەمان تەنها بۆ بەئاگا هێنانەوەی نەتەوەکەمانە کە هاوکاری نەکردنی پەرەسەندنی دووبەرەکی لەنێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا بەپیلانگێڕی وڵاتانی بەرکەوتەی نەتەوەی کورد بێ، بەڵام ئەوەی لە (2007/10/26) دا بووە سەرەتای دەست پێکی هەڕەشەی بەزاندنی سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە بەبیانووی سەرکوتکردنی شەڕوانانی پارتی کرێکارانی کوردستان وەهەر بەم هۆیەشەوە چەندین لێدوانی جۆراوجۆر لەمیدیاکانەوە لەلایەن بەرپرسانی سیاسی باشووری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورك و بگرە بەرپرسانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و یەکێتی ئەوروپا و هتد... لێکەوتەوە، سەرئەنجام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشیانەوە ((Stop یان بە لەشکرکێشی دەوڵەتی تورك و بادانەوەی لێدوانەکانی بەرپرسانی باشووری کوردستان و ڕاگرتنی چالاکی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد، بەڵام ئەوەی وەك ئەرکێکی نەتەوەیی لەسەرشانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردیدا پێویستە لەم باهۆزی پیلانگێڕی و ئاڵۆزیەدا لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   21:24 4-12-2007

ناوخۆی عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدات پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمانە، لەهەمان کاتیشدا ئەو ئامازەگەلەی کە لەچەند دێڕی سەرەوەمان و لەماوەی (16) ساڵ خۆبەڕێوەبردنماندا ئامازەمان بۆ کردن خەتەرگەلێکی گەورە بوون لەمێژوودا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیمان تۆمارمان کردن، پێویستە بەپیلانگێڕی دوژمنانی نەتەوەکەمان هەڵەکانمان دووبارە نەکرێنەوە، لێرەدا سەیر لەوەدایە بەهۆی گوشارەکانی دەوڵەتی تورك و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی بەرکەوتەی نەتەوەی کورد واخەریکە هەڵەکانی ڕابردوومان دووبارە دەکەینەوە کە سەرەتاکەی بەخستە سەری گەمارۆی ئابووری و میدیایی بۆ سەر شەڕوانانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکردووە.. !! ئەمڕۆش بەهۆی میدیاکانەوە براکانی دیکەشمان لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەستیان بەم بەرەو پیرەوەچوونەوەمان لەبەرانبەر دەوڵەتی تورك کردووەو لەبۆنە جۆراجۆرەکاندا بەئاگامان دەهێننەوە نموونە ئەوەتا لەیلا زانای ژنە سیاسەتمەداری کورد لەباکووری کوردستان لەوتەیەکیدا بۆ بەشدارانی میتینگی ڕۆژی (2007/11/18) دا لەشاری باتمانی باکووری کوردستاندا دەڵی " هەر کوردێك چ لە باشوور یان باکوور یان ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا دارێکی لەسەر بەردێك دانابی بۆ کوردان جێگای سەربەرزییە " و هەروەها ناوبراو لەدرێژەی وتارەکەیدا سەبارەت بە هەڕشەکانی دەوڵەتی تورك بۆ سەر باشووری کوردستان دەڵی " دەیانەوی بمانترسێنن، بەڵام بانگی من بۆ هەموان ئەوەیە بایەك بگرین و پێداگیری لەسەر ناسنامەی خۆمان بکەین و کی چ دەڵی بابیڵی " هەر لەکۆتایی وتارەکەیدا ناوبراو جارێکی دیکە دەڵی " کورد ئیدی خیانەت لە یەکتر ناکەن" دیارە ورد بوونەوە لەم لێدوانانەی لەیلا زانا ناڕازی بوونی برا کوردەکانمانە لەو چەند هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەم دواییەدا پێی هەستان ئەویش بە بەگەمارۆ خستنە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان لەڕووی میدیای و ئابووری، بۆیە دەکری بەرپرسانمان لەباشووری کوردستاندا بەشێوەیەکی ستراتیژ ئەو گەمارۆیە لەسەر شەڕوانانی پارتی کرێکارانی کوردستان پیادەنەکەن لەبەر ئەوەی لەمێژوودا وەك ئەنجامدانی تاوانێکی" کۆمەڵکوژ " لەسەرتان تۆماردەکری و دڵی (20 تا 25) ملیۆن لە نەتەوەکەمان لەباکووری کوردستان نائومێد نەکەن و دوژمنەکانمان ئومێدار بەسەرکەوتنی بەشێك لەپیلانەکەیان نەکەن.. !! لەکاتێکدا کەدەبینین هیچ یاساو ڕێسایەك ڕێگا بە بەزاندنی سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە نەدات ئیدی چ پێویست دەکات بۆ ئێمەی یەك نەتەوە گەمارۆی ئابووری و میدیای لەسەر شەڕوانانی پارتی کرێکارانی کوردستان بسەپێنین کە لەگەڵ هەرهەنگاو هەڵهێنانێکی لەم شێوەیەدا لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتی تورکەوە گەورەترین بەرژەوەندی هاوبەشی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەدەست دەچی، لێرەدا دەکری ئەزموونی بەبیرچوونمان لەبەرانبەر دوژمنانمان وەبیر خۆمان بهێنینەوە وەك ئەوەی لەبەرانبەر " شۆڕشی ئەیلول " لەساڵی (1975) دا کردیان، بۆیە دەکری لەبەرانبەر هەر هەنگاوێکمان لەپێناو پاراستنی ئەزموونی باشووری کوردستاندا خۆمان بەپیلانی دوژمنانمان ڕووبەڕووی شەڕی کورد بەکورد نەکەینەوەو با ئاگامان لەمێژووبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.